# چەند ووتەیەکی بڵاونەکراوەی زیندەیاد د. قاسملوو ۱۹۳۰-۱۹۸۹
# بۆ یەکەم جار لە کوردستانێتدا بڵاو دەکرێتەوە

**'گەڵاڵە ، باشووری کوردستان، ساڵی ۱۹۸٤، دەورەی کادیرەکان،**
**دەرسێک سەبارەت بە درووشمی بنەڕەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران'**
**لە یادی چواردەمین ساڵی تیرۆرکردنی د. قاسملوو**

**ئامادەکردنی: س. ماکوان**
makwan@ikurd. com





**بەشی پێنجەم: بۆ بینینی بەشەکانی تر ئێرە کلیک بکە.**

. . . . ئەگەر لە ئێرانی دوارۆژدا پاش ڕووخانی ڕژێمی خومەینی، هێزەکان دیارە لە ئێران زیاتر ئازاد دەبن. ئەوەی کە ئێمە لە کوردستاندا پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی هەمانبوو، تەقریبەن وەزعێکی ئاوا ئیمکانی هەیە لە بەلووجستان پێکبێ پاش ڕووخانی ڕژێمی خومەینی. چونکە لەوێ بەرە بەرە ئاگاهی دەچێتە سەرێ، ڕێکخراوی واشیان بەرە بەرە بۆ پەیدا بووە. لە نەتیجەدا ئازەربایجانیش ئیمکانی هەیە وابێ، عەرەبستانیش وابێ. نەتیجە ئەوە دەبێ ئەگەر حەقی میللەتان نەدرێ ئەو وەختە دیارە مەسەلەی —سڵەمینەوەو ڕاکردن لە ناوەند– دێتە پێشێ. یانێ ئەگەر دەتهەوێ ئیستقلالی ئێران بپارێزی، دەبێ حەقیان بدەی. ئەگەر بەڕاستی حەقیان نەدەی، ئیستقلالی ئێران وەخەتەر دەکەوێ. ئەو وەختە تەواوەتی ئەرزی ئێران وەخەتەر دەکەوێ نە ئەو وەختە خودموختاری بە کورد بدرێ. ئەو وەختە کە خودموختاری بە کورد نەدرێ، ئەوە شێوە ئیستیدلالی ئێمەیەو و ئیستیدلالێکی دروستە، بە تایبەتی بۆ دوارۆژ. کەوابوو ئێمە کە خودموختاریمان دەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا ئەوە ڕاست موخالیفی تەجزیەتەڵەبییە — جیاوازیخوازی–. لە پاشان ئێمە ڕۆژ ئەوەڵ گوتمان و ئێمە ئەوەمان حەتا لە شوورا {شوورای بەرگری میللی، موجاهیدین، بەنی سەدر، حدکا و. . . } لە جێگای دیکە ڕاگەیاند کە {کورد} حەقی جودابوونەوەی هەیە. ئەو حەقەی هەیە. بەڵام ئێمە نامانهەوێ لە ئەو حەقە ئیستیفادە بکەین. گوناح نیە کە ئێمە بڵێین ئەو حەقە مان هەیە. بەڵام کە نایڵێین مانای ئەوە نیە کە بەئیستلاح دەترسێین، نە، مانای ئەوەیە کە بە ئەو ئیستلالانەی کە ئێستا لێرەمان کرد و بەو نەتیجەیەی کە بۆ خۆمان پێیگەیشتووین لە ئێراندا بمێنینەوە.

مانەوە {لە ئێران} چ قازانجێکی دیکەی هەیە؟ قازانجی دیکەشی دیارە هەیە. ئەوەڵەن با ئەوە بڵێین کە ماوەیەکە ئێمە کوردی ئێران لە گەڵ کوردی عێراق. . . هاتووچۆمان هەیە. . . . ئێمە لە مێژە متەوەجیهی ئەو ڕاستییە بووینە کە لە گەڵ ئەوەی ئەوان

کوردن و ئێمەش کوردین، بەڵام هێندێکیش فەرقمان هەیە کە شتێکی زۆر سروشتییە. ئێمە ساڵەهای ساڵە لە ئێران دەژین، فەرهەنگی ئێرانی تەئسیری کردووەتە سەرمان، {چونکە} لە چوارچێوەی ئێراندا دەژین. ئەوان ساڵەهای ساڵە لە کوردستانی عێراق دەژین و فەرهەنگی عەرەبی تەئسیری کردووەتە سەریان، ئەوە شتێکی تەبیعییە و ئەو فەرقەش دیارە. کەوابوو مەسەلەی یەکگرتن بۆ نموونە لە گەڵ کوردی عێراق ئیشکالی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێمە هەروا بە ئاسانی ناتوانین چونکە ئەوان کوردن ئێمەش کوردین، {یەکبگرین}. ئەوە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا زۆر باش دەکرا چونکە ئەو تەقسیمە –دابەشکردنە– بەو شێوەیە پێکنەهاتبوو. لە واقێعدا کورد فەرهەنگەکەشی ئەوەندە پێشنەکەوتبوو، هەر کەس { هەر بەشەی کوردستان} فەرهەنگێکی دیکە وەربگرێ. یەکبوونی فەرهەنگی لە ئەساسدا ئەو وەختە زۆر ئاسانتر بوو.

بەڵام ئێستا هەر چی زیاتر {زەمان تێدەپەڕێ} لە بارێکەوە ئیمکانی هەیە ئەو جوداییە زیاتر ببێ و لە بارێکی دیکەشەوە فەرهەنگ{کان} تا زۆرتر بێ{ن} {بەرەو پێشتر بچن} تەئسیری زیاتر دەکەنە سەر یەکتری. ئێمە شت دەنووسین لە کوردستانی ئێراق دەیخوێننەوە. لە {کوردستانی} عێراق شت دەنووسن، ئەوەی مەسەلەن لە ئێران دەکەونە دەستمان دەخوێنینەوە، ئەوەش هەیە {گرفتێک نیە}. بەڵام نابێ ئەو واقەعیەتە لە بیر بکەین کە زمان عاملێکی ئەساسیە. . . . . بێجگە لە ئەوە دوو لەهجەمان هەیە، دوو لەهجە ئەوە نیە کە لە یەک حاڵی نەبین، ئیمکانی هەیە پاش مانگێک دوو مانگان بەرە بەرە لە یەک حاڵی ببین. {مەبەستم} لەهجەی شیمالی و لەهجەی جنووبییە. بێجگە لە ئەوە ئێمە لە واقێعدا بە چوار ئەلف و بێ زمانی کوردی دەنووسین. ئەلف و بێ یەکی عەرەبی هەیە، ئێمەو کوردی عێراق پێیدەنووسین. ئەویش هەر کەس ڕێنووسێکی بۆ خۆی داناوە چونکە ئاکادێمیما نیە کە دایبنێ، یەک دەبیبی 'و' بە دوو 'وو' دەنووسێ، یەک شتی لە سەر دادەنێ و زۆر شتی دیکە کە بۆ خۆتان دەیزانن. پاشان لە تورکیە بە لاتینی تورکیە دەنووسن. لاتینییە بەڵام هی تورکیە لە گەڵ لاتینیەکەی. . . . کە لە بەیرووت و ئەوەی جەلادەت بەدرخان دایناوبوو، جیاوازی هەیە. . . . بێجگە لەوە لە شورەوی بە شتێکی تێکەڵاو لە. . . خەتی ڕووسی و لاتینی دەنووسن. چوار ئەلف و بێ هەیە.

لە واقێعدا بێجگە لە مەسەلەی فەرهەنگی مەسەلە ئابووریش هەیە. ئێستا ئێران بەرە بەرە بووتە وڵاتێکی سەرمایەداری. ئابووری کوردستانی ئێران بەشێکە لە ئابووری ئێران. ئابووری کوردستانی عێراق لە گەڵ ئەو هەموو قاچاخفرۆشییەی کە هەیە، بەشێکە لە ئابووری عێراق. خۆ مەسەلەکە بەو ئاسانییە نیە. نموونەتان بۆ بهێنم. لەهستان {پۆڵەن} چەندین دەهە ساڵە {دەیان ساڵە} بووەتە وڵاتێکی یەکپارچە. بەڵام لەهستان {پێشتر} وەزعی ئێمەی هەبووە، لەهستان بەشێک بووە لە ئوتریش {نەمسا}، بەشێکی ئاڵمانی بووەو بەشێکی ڕووسیەیی. ئێستا کە دەچیتە لەهستان، ئێستا کە پاش ئەوەی کە چل ساڵە سۆسیالیزم لەوێ دامەزراوە، بەشی ئاڵمانی بەشی هەرە پێشکەوتووی ئابووری و فەرهەنگی لەهستانە. بەشی ڕووسیە کە ئەو وەختە زۆر پاشکەوتوو بووە، ئێستاش بەشی هەرە پاشکەوتووی لەهستانە. بەشی ئوترش لە نێوەڕاست دایە. ئەمن یەک ساڵ لە لەهستان بووم و هەموو بەشەکانیشیم دیووە. پرۆفیسۆرێکی لەهستانی دەیگووت: ئێمە یەک لەهستانمان نیە، سێ لەهستانمان هەیە. بۆ خۆی دەیگووت مەبەستم ئەوەیە کە مەسەلەکە وا ئاسان نیە. ئیتر کوردستانی ئێران و تورکیەو عێراق پێکەوە ئاوا دابنێین و پینەی بکەین و بڵێین بوو بە کوردستان بە ئابوورییەکی واحید.

ئەو مەسەلەیە بەو ئاسانیەش نیە لە حاڵێکدا ئێمە لە باری ئابوورییەوە لە ئێران بمێنینەوە بەو داهاتەی کە ئێران هەیەتی، ئێمە دەتوانین لەو ئیمکاناتە ئیستیفادە بکەین بۆ ئەوە بەرە بەرە وەزعی کوردستانی خودموختار باشتر بکەین. داوا دەکەین کە کوردستانی خودموختار بە نیسبەت جێگای دیکە داهاتی زیاتری بدرێتێ. چونکە لە باری ئابوورییەوە پاشکەوتووترین. دیسان ئێمە وەک ئینسانی واقێعبین بۆ بەلووجستانیش ئەو داوایە دەکەین. وای دابنێن کە خودموختاری وەرگیراوە، ئەگەر بودجە بۆ هەموو بەشەکانی ئێران دیاری بکرێ مەسەلەن ئەگەر بۆ هەر نەفەرێک لە ئێران ٥٠٠ دولاری میانگین–نێونجی– بەردەکەوێ، ئێمە پێشنیار دەکەین بۆ تاران ٤٠٠ دولار دابنرێ، بۆ بەلووجستان ٦٠٠ دولار دابنرێ و بۆ کوردستانیش ٥٠٠ دولار یان ٥٥٠ دولار بڕێک زیاتر لە حەدی متەوەسیت –نێوەڕاست– بۆ ئەوەی لە هەموو بەشەکانی {دیکەی} ئێران {لە پاشترە}. بۆ شیمال مەسەلەن ٤٥٠ دولار دابنرێ کە وەزعی باشترە. بۆ ئەوەی لە باری ئابووریەوە وەزعەکە بەرە بەرە وای لێبکەین کە هەموو بەشەکانی ئێران لە یەک سەتح

دابن. چونکە ئەگەر وانەبێ دیارە کوردستان هەر ڕۆژ بە ڕۆژ پاشکەوتووتر دەبێ و تاران و شیمالی ئێران و جێگای دیکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێشدەکەوێ.

یەکێک لە داخوازەکانمان لە مەسەلەی خودموختاریدا مەسەلەی ئابوورییە. کەوابوو ئێمە لە باری ئابووریشەوە ئەگەر لە داخیلی ئێراندا بمێنینەوە پێمان وایە قازانج دەکەین. قازانج دەکەین چونکە دەتوانین زوتر و باشتر لە وڵاتێکی چەند ملیۆنیدا. . . لە باری ئابووریەوە خۆمان پێشبخەین هەتا لە کوردستانێکی شەش حەوت ملیۆنیدا. ئەوانە هەمووی هۆی ئەوەن کە ئێمە لە شەرایەتی ئێستادا خودموختاری بە شوعاری ئەساسی خۆمان دەزانین و حەتا دەڵین درووشمی ستراتیژیکە و ئێمە ناڵێین کە شوعاری ئێستامانە. مەسەلەن جار جار لە زمانی هێندێک مەسئوول دەردەچێ کە لە گەڵ ئێرانییەکان تووشی کێشەمان دەکەن و دەڵێین جارێ خودموختاریمان دەوێ. جارێ نیەو خودموختاریمان دەوێ واتە جارێ شتی تری بە دواوەیە.

بەڵام باشترە بزانین تەکلیفی ئێمە لە گەڵ کوردەکانی دیکە لە عێراق و تورکیە چی لێدێ؟ باشە ئەوان کورد نین؟ ئێمە کورد نین؟ مەسەلەیەک کە پێوەندی بە خەباتەکەمانەوە هەیە ئێمە لایەنگری خەباتی ڕزگاریخوازانەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی هەموو گەلانی زۆرلێکراوین. دیارە حەقی موسەلەمیشە. . . . لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە عێراق و تورکیەو سوریە. . . . پشتیوانی دەکەین و باشیشی دەکەین. ئەوە یەکێک لەو شتانەیە کە تەقریبەن دوو ساڵ لەمەو پێش بوو بە مەسەلەیەک لە بەینی ئێمەو سازمانی موجاهیدینی خەڵکدا، ئێمە ئەو وەختە کە یەکیەتی نیشتمانی هات بۆ یارمەتیمان لە ناوچەی سەردەشت کە مەسەلەی ڕێگای پیرانشارـ سەردەشت لە گۆڕێ دابوو و دوژمن هێرشی هێنابوو. ئەو وەختە ئێمە دەمانووسی 'هێزی پشتیوان' {ئەو هێزەی یەکیەتی نیشتمانی کە بۆ یارمەتیدانی حدکا هاتبوون}، موجاهیدین دەیانووسی ئێستا ئێوە پێ یان دەڵێن هێزی پشتیوان، سبەی ئەو هێزی پشتیوانە دەبێتە چی؟ ئەوە تەجزیەتەڵەبییە —جیاوازیخوازی-. ئێمە زۆر سادە جوابمان دانەوە کە چۆن ئێوە بەخۆتان ئیجازە دەدەن لە جوڵانەوەکانی نیکاراگوا، لە ئیلسالوادۆر و نامیبیا لە هەر جێگایەکی دیکە پشتیوانی بکەن، ئێمەش دەیکەین. دەبێ بۆ ئێمە حەقمان نەبێ لە کوردەکانی عێراق پشتیوانی بکەین و ئەوان لە ئێمەی بکەن؟ دیارە بەرە بەرە زاهیرەن حاڵی بوون کە داخوازەکەیان بێ جێیەو وازیان هێنا. عەکسی ئەوە هەر ئەوان داوایان کرد کە ئێمە ببین بە واسیتەو لە گەڵ خودی ئەو 'هێزی پشتیوان'ە و پێوەندی بەرقەرار بکەن. کارم بەوە نیە.

بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە ئەوە ئەرکمانە. ئەوە هیچ مانای جودایی تەڵەبی نیە یان تەجزیەتەڵەبی نیە ئەگەر ئێمە پشتیوانی لە کوردی تورکیە بکەین. ئەمن پشتیوانی لە ئیلسالوادۆر دەکەم کە هەزاران کیلومێتر لە من دوورە بۆ نەتوانم و حەقم نیە پشتیوانی لە کوردی تورکیە بکەم یان ئەو پشتیوانی لە من بکا؟ ئەوە بە نەزەری من شتێکی زۆر تەبیعییە. بەڵام پێوەندی دواڕۆژمان دەبێ بە چی؟ ئێمە دیارە ئێستا خۆ ناتوانین، ئەوەی کە ئێمە باسمان کرد، لە شەرایەتی ئێستادا وایە و واقێعبینانەیە. بەڵام ئایا مومکین نیە شەرایتی تایبەتی بێتە پێش؟ ئەوە مومکینە، زۆر مومکینە، لە سیاسەتدا پێشبیبی بەو شێوە دەقیقە نیە کە هەروا ئێمە پێشبینیمان کرد ئاوا دەبێ. دەبینی مومکینە شەرایتێکی ئاوا ئیستیسنایی ئەوتۆ بێتە پێش مەسەلەن فەرز دەکەین بە نەزەری ئێمە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا شەرایتی تا ڕادەیەک {لە بار} هاتبووە پێش کە ئێمە بە داخەوە ئەو حیزبە نەبووین و ئەو وەختە نەمانتوانی ئیستیفادە بکەین. دەنا شەرایتێکی زۆر موساعید-لەبار- هاتبووە پێش. بۆ ئەوەی کە بە ڕاستی بزانین ئەمن ئەوەندەتان پێدەڵێم کە ئەو وەختە. . . ئێران یەک یان دوو تەیارەی شکاوی هەبوو. هەموو تانکەکانمان-دەبابە- بژاردبایە نەدەگەیشتنە ٥٠ دانە لە سەرانسەری ئێراندا. ئەوەی کە ئەو وەختە ئێران هەیبوو، دیارە تۆپ و شتی وای هەبوو بەڵام ئەو ئەسلەحە مۆدێڕنەی ئەوڕۆشی نەبوو. بەڵام ئێمە ئەو وەختە ٣٠٠٠٠ تفەنگی برنۆمان هەبوو، بێجگە لە وەی هێندێک موسەلسەل و شتی واشمان هەبوو کە بە نەزەری من زۆر باش دەمانتوانی لە موقابیلی ئێراندا ڕابوەستین و دیفاعیش بکەین. ئەرتەشی ئێرانیش شەهریوەری بە سەردا هاتبوو، تێکشکابوو، ڕوحیەی نەبوو {ورەی لە دەستدابوو}، ئەسلەن هیچ نەبوو.

مەبەستم ئەوەیە دەمانتوانی بەڵام ئیستیفادەمان نەکرد. مومکینە شەرایەتی ئیستیسنایی بێتە پێش. مەسەلەن فەرز دەکەین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو شەڕەی بەینی ئێران و عێراق توندتر بێ. باشە ئەوە بگاتە ئەو جێگایەی کە یەکێک لە تەرەفەکان دەخالەت بکەن، مەسەلەن ئامریکا. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . **درێژەی هەیە**

تێبینی کوردستان نێت: ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.